بووبنەوە• مامەنداغای پیران کە بە سوارچاکی و ئەنگیوەیی و نان بدەیی بە ناوبانگ بوو، ئەگەر قسیکی دەکردو نەیدەبردە سەر دەیگوت : " قسەی خۆم هاتەوە کنە خۆ"•

(دەڵێن لە سابلاخ فەقێ یەك لە مزگەوتی سوور لە خزمەت ماموستا مەلا عبدالرحمان خوێندوویەو لە ئاخری ماددان بوە کە ببێتە مەلا• رۆژێك بە ماموستای گوتوە : " قوربان ئێرەم پێخۆش نیە و دەمەوێ برۆم "• رۆیشتوە • پاش دوو ساڵ هاتۆتەوە مزگەوتی سوور، بەلام لە دەرسەکانی گەراوەتەوە دوایە • ماموستا دەرسی پێگوتوە و پاش سالێك دیسان رویشتوە• ماوەیەکی زۆری پێچوە ، فەقێ سەرلە نوێ بایداوەتەوە و هاتۆتەوە خزمەت ماموستا • بەلام ئەمجارە گەراوەتەوە بۆ (جامی و سیوطی)• ماموستا مەلا رەحمان دەڵێ :" بابەلێ ،وەك تۆ وا پاشەو پاش دەگەرێیەوە بۆ دوایە ، بە دوو سالی تر دەچیەوە دە هینی دایکت "•)

بادانەوە هەروا لە نێو عاشیرەت و خەڵکی سادەو رەشۆکیدا نە وێستاوە•هەر لە کوردستانیشدا قەتیس نەبوە • وەك تولەکە رەگاژۆیی کردوە، پەلی هاویشتوە، سنوری پەراندوەو خۆی گەیاندۆتە نێو کەسانی سیاسی و روناکبیرو خوێندەوارو دیپلۆمات و •••هتد•

ئەوەی مەنگوری نەخوێندەوارو سادەو دڵپاك گوتویانە " بادانەوە عەیب نیە " ئێستا وەراست گەراوە و بۆتە رەوشت و کاراکتیری - گەلێك گەورە پیاوی سیاسی و سەرۆك دەوڵەت و رووناکبیرو شاعیرو نووسەرو ••• هتد• ئیتر بۆتە باو • هێندێ کەس بە سیاسەتی دەزانێ هێندێ بە ژیری و روشدی فیکری ناو دەبەن •دەستەیەك بە گۆرانی بیرو باوەری دادەنێن• هێندێ بە هەلپەرستی دەدەنە قەلەم • بەلام کەس گوێ ناداتە ئەم قسە و تەعبیرانە • ئی واهەن بە جارێك بادانەوە واز ناهێنن، ئەمبەرەوبەریشی لێ زیاد دەکەن و ئارەقەش ناکەن و تەریقیش نابنەوە •

www.kerimhisami.com

# بادانەوە لە هەمبەر مەسەلەی کورد

وتمان بادانەوە با سیکی فرە بەر بلاو و هەویریکە زور ئاو هەلدە- گری. بویە دەمەوێ بە کورتی باسی ئەوانە بکەم کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە پیوەندی لە کەل مەسەلەی کورد، بایانداوەتەوە.

وەك دەزانین یێکەم بادانەوە کە خەیانەتیکی بەر چاو بوو بە کورد پەژیوان بوونەوەی ریکخراوی ( لاوانی تورکیا ) بوو لە قەول و بەلینی کە بە کوردیان دابوو. هەر وەها بادانەوەی کەمالیستەکان لە بریار و بەلیێنی ( پەیمان نامەی نیشتمانی ) کە لە ژلنویەی ۱۹۲۰ بە کوردیان دابو کە دەبوایە ریز لە مافی کوردەکان بکرن .

بە دوای ئەودا بادانەوەی (کومەلی نەتەوەکان) بووسالی ۱۹۲۳ لە کونگرەی لوزان کە بەندو بریارەکانی پەیمانی سیڤر یان خستە ژیر پی و بەرەو حکومەتی تورك و پیشیلکردنی مافی رەوای کورد بایاندا وە. دەولەتە ئیمپریالیستەکان بە شیواندنی مەسەلەی موسل و لکاندنی کوردستانی خوارو بە عیراقەوە، لە هەموو یاساو رەوشتیکی مروڤایە- تی و دادپەروەری بە زیانی کورد بایانداوە .

خو لەم کورتە نووسینەدا دەرەتانی ئەوە نیە کە بادانەوەی ئینگلیز لە دانی سەربەخویی بە کوردستان و لیدانی حکومەتی شیخ مەحمود روونبکریتەوە کە تا ئیستاش زامی ئەم وەرگەران و بادانەوەیە لە جەستەی کوردو کوردستاندا هەر دیارەو ساریژ نەبوە . ئەم باسە زوریشی لە سەر نووسراوە .

بادانەوەی ستالین لە بریارو فەرمانەکانی لینین لە مەر هەریمی خود موختاری بو کوردەکان و هەلوەشاندنەوەی ناوچەی خود موختاری



www.kerimbisani.com

# بادانەوە لە لای دیکەشەوە

پێمان وانەبێ هەر گۆرباچوف بایداوەتەوەو بادانەوەی فێری حیزبە کومونیستەکان و کەسانی بەناو چەپ کردوە ٠لە دنیای سەرمایەداریش بە خۆداچونەوە و بادانەوە لە بۆچوون و هەلوێستی رابردوویان بەر چاو دەکەوێ٠ لێرەدا نە دەرەتانی شیکردنەوەی هەیەو نە ئەرکی ئەم نوسراوەشە لێی بکوڵێتەوە٠بەلاّم خوناکرێ باسی بادانەوە ( وەك دیاردەیەکی جیهانی بکەین و بە سەر بادانەوەی سەر کۆمار بوش دا باز بدەین و چاوی لێ بپۆشین بە تایبەت کە پێوەندیشی بە مەسەلەی کوردەوە هەیە٠

ناچمە نێو ئەم باسە کە دەولەتی ئەمریکا بۆ پیادەکردنی ستراتیژی خۆی و جێ پێکردنەوەی لە ناوچە نەوتەلاّنیەکەی خەلیج لە ریگای سازکردنی شەرەوە، چۆن چرای سەوزی بە سەددامی دیکتاتور نیشاندا ، تا بە بێ ترس و بیر کردنەوە لە پاشە رۆژ ولاّتێکی عەرەبی هاو دین و هاو رەگەز داگیر بکا٠ کاتێك مادام ( ئیبریل گلیپسی ) ــ بالیۆزی ئەمریکا لە بەغدا رۆژی ١٩٩٠/٧/٢٥ بە سەددام دەلێ:

" ئەگەر عیراق کویت پەلامار بدا ، ئەمریکا ناتوانێ هیچ بلێ،چونکە ئێمە هیچ پەیمانێکمان لە گەل کویت نیە " ٠ئەمە ئیتر بێجگە لە نیشاندانی چرای سەوز ناتوانێ مانایەکی تری هەبێ٠

دەولەتی ئەمریکا بە نیشاندانی ئەم چرا سەوزە وایکرد کە عیراق کویت داگیر بکاو بە تکاو رەجای هەموو عالەمیش پاشە کشە نەکا و نەیەتە دەرێ٠ سەددام حوسین بەم کارە دەرفەتی بۆ ئەمریکا پێکهێنا تا بەناوی کۆمەلی نەتەوە یەکگرتوەکان ( تۆ بلێ کۆمەلی چەند دەولەتێکی یەکگرتوو ) و بە سەرکردایەتی لەشکری چەند دەولەتان عیراق بخاتە بەر پەلاماری هەوایی و دەریایی و زەمینی و بیکاتە مەیدانی



www.kerimhisami.com

خۆی دەسکاری بکاتەوە و باداتەوە بۆ ئەوەی پەناگا بۆ کوردان ساز-
بکا • بوش لەم کارەدا ئەوەندە بە خێرایی بایداوە کە رۆژی چـواری
ئەپریل تا سەعاتی چواری دوای نیوەرۆ هاوکارەکانی نەیاندەزانی ئاخۆ
کونفرانسی چاپەمەنی بۆ رێکخەن یان نا "•

رۆژنامەی ( واشنگتون پۆست) نووسی :" دیپلوماتەکان لە سەر ئـەو
باوەرەن کە پێکهێنانی ناوچەی ئەمنیەت بۆ کوردەکان، وەزعێکی دژوار
بۆ ئیران پێك دێنێ• ئەو دیپلۆماتانە وە بیر دەخەنەوە کە ئەمریکاو
ئیران لە کورت ماوەدا ، هێندێ بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە• ئیران -
وەك دەوڵەتە دراوسیەکان لەوە دەترسێ کە تێکچوونی تێکەڵاویـــی
رەگەزیی عیراق شوێنەوارێکی نالەبار بخاتە سەر تێکەڵاویی خەڵکـی
ئیران کە لە فارس و بەلوج و عەرەب و تورکەمەن و کورد و ئازەری پێك
هاتوە • دەوڵەتی ئەمریکاو وڵاتانی تری رۆژئاوا لەم ترسەدا لە گەڵ
ئیران شەریکن •

هێزەکانی ناوچە نیگەرانی ئەوەن کە پێکهێنانی ناوچەی ئەمنیەت
بۆ کوردەکان ببێتە هۆی هاندانیان بۆ جیا بوونەوە، یان لانی کـــەم
هەستی ناسیونالیستی لە کەمایەتیە رەگەزیەکاندا بجولێنێ• گشـــت
هێزو دەسەڵاتەکان ترسیان لەم هەستە هەیە، بۆیەدژی دەوەستن •

رادیوی دەنگی ئەمریکا رۆژی ١٦/ ٤/ ٩٩١ رایگەیاند کە نوێنەری
ئینگلستان لە چا و پێکەوتنێکدا بە کەمالی خەرازی نوێنەری حکومە-
تی ئیرانی' گوتوە : " گەڵاڵەی ناوچەی ئەمنیەتی بۆ کوردەکان، بـە
مانای پێکهێنانی کوردستانێکی خود موختار نیە لە عیراقدا • ئـەم
گەڵاڵەیە هیچ ئامانجێکی سیاسی نیە • تەنیا دیاردەیەکی ئینسانیە"•

وەك رۆژنامەی ناوبراو دەنووسێ ، هەر چەند سەرکۆماری ئەمریکا
لە ژێر گورمی بیرو رای گشتی ئوروپاو ئەمریکادا بایداوە کە پەناگا
بۆ کورد گەل ساز بکا و هێڵی ٣٦ دەرەجە بۆ پارێزگاری کوردەکـــان
دیاری بکات، بەڵام کەس نەبوو لە ئاغای سەر کۆمار بپرسێ :

ـــ راگەیاندنی بیـلا یەنی و دەست نەخستنە کاروباری نێو خۆی عیراق •

ـــ بلاوکردنەوەی هەلسەنگاندنی دەزگا ئاگاداریەکانی پنتاگۆن کە ئاخرەکەی ریژیمی عیراق بە سەر راپەریوەکاندا سەر دەکەوێ•

ـــ بلاو بوونەوەی وتەی کاربەدەستانی ئەمریکایی کە گوتویانــە : دەولەتی ئەمریکا هیوادارە بەر لەوەی راپەریوەکان بتوانن سەددام بروخینن، ئەرتەشی عیراق بتوانێ سەرکوتیان بکا • ناوی ئەم کار بە دەستانە بلاو نەکراوەتەوە •

ـــ خۆگری کاربەدەستانی ئەمریکا لە چاو پیکەوتنی موخالیفەکانی عیراق •

کاتێك سەر کۆمار بوش رایگەیاند کە نابێ هیلیکوپتەر وفرۆکـــەی نیزامی عیراق دژی راپەریوەکان بەکار بهینرین، وادەهاتە بەر چاو کە سیاسەتی ئەمریکا گورانی بە سەردا دیت • بەلام سێ‌شـــەممۆی رابردوو ، دەولەتی ئەمریکا رایگەیاند مەگەر هیلیکوپتەرەکانی عیراق بۆ هیزی هاو پەیمانەکان مەترسیان هەبێ دەنا هیچ هەنگاوێك دژی ـ ئەوان ناویژریت •زەحمەتە بیر لەوە نەکریتەوە کە راگەیاندنی ئـەم سیاسەتە بیجگە لە نیشاندانی چرای سەوز بە دەولەتی بەغدا بــۆ لیدانی زەبری فرە توند لە کوردەکان و بۆ کەلك وەرگرتنی تەواو ـ لە هیلیکوپتەری نیزامی دژی راپەریوەکان، مانایەکی تری نیە •

قسەی وتە ویژی کۆشکی سپی زۆر جیگای نارەحەتیە کە دەلێ : " ئیستا ئەوە خەلکی عیراقە دەبێ لە بارەی داهاتووی سیاسی خۆیا ـ نەوە بریار بدەن " بەراستی سەیرە • هەر دەلیی لە عیراق ریگا بۆ چارە سەر کردنی هیمنانە و یا ریفراندۆم هەیە •

فاینانشل تایمز لە ئاخری وتارەکەیدا دەنووسێ : " ئەگەر نەزمـــی تازە ئەوەیەو ئیمە بۆ سەقامگرتوویی ئەو نەزمە لە کەنداو شەرمان کردوە، ئەم نەزمە لە گەل رابردوو هیچ فەرقی نیە و باشتریش نەبوە "



www.kerimbisami.com

نە ڕێبەرانی کورد بە قەدرایی مەلیك فەهدو شێخ جابر و تورگات ئۆزال ( دێموکراتن و مافی مرۆ دەپارێزن )، نە ئەوەندەیان پارە هەیـــە لە بانگەکانی ئەمریکا دا و نە چالاوە نەوتیەکانیان لە بەر دەســتـــی خۆیاندایە• جا بۆیە ئەنجامی بادانەوەی سەر کۆمار بوش هەر ئـــەو دیمانانە دەبن کە لە تەلەڤیزیوندا نیشاندەدران و ئەو رەسمانەی لێرە دا دەبینرێن •

www.kerimhisami.com

به ڕێبەرانی بزووتنەوە و حیزبە سیاسیەکان • لە کوردستانی خوارو جنایەتی سەددام و گازی کیمیاوی بۆتە بیانوویەکی باش بۆ نشاندانی هۆی شکانی شۆڕشێکی ئاوا گەورە و خەڵکێکی فیداکار • ئیتر گۆیا سیاسەتی حیزبەکان هەڵەی تێدا نەبوە و هەرچی کراوە ڕاست بوە •!

لە کوردستانی ئیران ئێستاش حیزبەکانی گۆڕە پانی خەبات دەنووسن " ڕابردوو ڕاستی بۆچوون و سیاسەتی حیزبی ئێمەی نیشانداوە" جارێك نانووسن بە هەڵکەوت ڕەنگە تووشی هەڵەیەکیش بووبین !

زۆر زیاد نەڕۆیشتووین ئەگەر بیژین یەکێك لە هۆیەکانی قەیرانی ئێستای بزوتنەوەی کورد بێ بڕوایی خەڵکە بە ڕێبەرە سیاسیەکان و ئەمەش بۆ هەر حیزب و بزووتنەوەیەك بەلایەکی دەردە دارە •

# ئەدی بوخوت

ئێستا کە وا بە باسی بادانەوەدا هاتوومە خوار، خوێنەری ژیرو بەڕێز کورج ڕووی پرسیارم تێدەکاو بە هەق دە پرسێ : ئەدی بۆ خۆت؟

با خوێنەری بەڕێز پەلە نەکات • بە لاپەڕەکاندا بێتە خوار، تا تووشی بادانەوەی خۆشم دەبێ •

من لە دنیا بینی و بیروباوەری فەلسەفیدا، ئەوەندەی تێگەیشتبم خۆم بە مارکسیست زانیوە • پیێم وایە مارکسیزم وەك زانست ڕێگای چارە سەرکردنی مەسەلەکانی کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسی نیشان دەدا • لەو بڕوایە دام ئەوەی بە سەر وڵاتانی پێشووی سوسیالیستی هاتوە، خەتای پیرەوی کردن لە مارکسیزم نەبوە • بە پێچەوانە خەتای لادان لە مارکسیزم بوە • مارکسیزمیان کردۆتە ئایەتێکی وشك و برنگ و شێواندوویانە • لە کاتێکا مارکسیزم زانستە و لە گۆڕان و بەرەو پێش چووندایە •

لام وایە مارکسیست بووم ، بۆیە بە خوێن و ڕەگ و پێست هەستم بە



www.kerimbisami.com

بندەستی و بەشخوراوی نەتەوەکەم کردوە و بە هەموو تواناشمەوە، بە بیرو کردەوە ، بە وتە و پێنوس، بە گوێرەی دەرفەت و دەرەتان بـــــۆ رزگاری زەحمەتکێشانی کورد لە چەوسانەوەو زوڵم و زۆرو بۆ ئازادی کوردستان تێکۆشاوم • لەم بیرو باوەرو ئامانجە بام نەداوەتەوەو پتەو و شێلگیر لە سەری وەستاوم •

سەبارەت بە وڵاتانی ئوروپای رۆژ هەڵات و سۆڤێت کە بە سوسیـــا- لیستی ناسرا بوون و ئێستا داریان لە سەر بەردی نەماوە، بە تەواوی لایەنگریان بووم و گەلێك جاریش بە ناهەق دیفاعم لێکردوون • لـــە تەواوی ژیانی سیاسیمدا قەت ئەم بیرو باوەرەم نە شاردۆتەوە• لـــە سیاست دا نانم بە نرخی رۆژ نەخواردوە • ئەم لایەنگریەم دەروێشانە نەبوە • نیزیکەی دوومیلیارد خەڵك لەم جیهانە لایەنگری ئەم نەزمو سیستیمە بوە• بە سەدان کتێب و نووسراوەی جۆر بە جۆرم لە ســـەر ئەم نیزامە خوێندۆتەوە• ناکۆکی و خەباتی چینایەتی و کێشەی نێوان دوو سیستمی جیهانی و داگیر کردن و تاڵانی میللەتانی ژێر دەست و ساز کردنی شەر و چەوساندنەوەی وڵاتان لە لایەن دەوڵەتە ئیمپریا- لیستەکانەوە، رووداوێك نەبوە مرۆڤی خاوەن بیری پێشکەوتوخوازبتوا نێ خۆی لێ دووره پەرێز رابگرێ• گەلێك شەخسیەتی گەورەی دنیا وەك شێخ مەحمود ، قازی محمد، نهرۆ ، سوکارنو ، عبدالناصر، یـــا شاعیرو نووسەری مەزن بێ ئەوەی مارکسیست بووبن، لایەنگری ئەم سیستمە بوون و قازانج و مەسلەحەتی گەل و نیشتمانیان لە دۆستایەتی ئەم بەرەیەدا دیوەتەوە • منیش پێم وابوە تەنیا بە یارمەتی ئـــــەم وڵاتانە کوردستانەکەم ئازاد و رزگار دەبێ• پێم وابوە بەرژەوەنـــدی بزووتنەوەی کورد لە دۆستایەتی ئەم وڵاتانە دایە • لە سەر ئـــــەم بۆچوون و بیرو باوەرە سەرەرای دیتنی کەم و کوری و هەڵوێستی دوور لە بیرو باوەری سوسیالیستی ئەم وڵاتانە وەدەنگ نەهاتووم و لە سەرم نە نووسیون • پێم وابوە یێکەم نووسین و وەدەنگ هاتنی کابرایەکی وەك

چ فایدەیەکی نابێ. دووەم من وەك کوردێکی نیشتمان پەروەر لــــە چوار چێوەی سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیراندا خەباتم کردوە . حیزبی دێموکراتیش بە گوێرەی گشت سەنەدو بەڵگەکانــــی دۆستایەتی ولاتانی سۆسیالیستی بە ئەرکێکی گرنگ زانیوەو هەولیشی بۆ داوە . لە سەر ئەو باوەرەش بووم ئەرکی حیزبێکی نەتەوەیی و دێموکرات ئەوە نەبوە خۆ دەکارو باری حیزبە کومونیست و ولاتانی سوسیالیستی هەڵقوتێنێ و خۆی پێوە خەریك بکا . بەشی زوری ناکو-کی نێو حیزبیم لە سەر ئەوە بوە . ئێستاش هەر لە سەر ئەو باوەرە ماوم کە حیزبێکی نەتەوەیی دێموکرات و یا کوردێکی ولات پارێز چ-حەوجێ نیە خۆی بە هەڵەو چەوتیەکانی ئەم ولاتانەوە ماندوو بکا ، ئەگەر بەراستی لە رێگای رزگاری ولاتەکەی دا تێبکۆشێ. چونکە هەر چەندی تۆ لە سەریان بنووسی و رەخنە بگری ، نیو ئەوەندە نانووسی و نایزانی کە ئێستا خۆیان لە سەر رابردووی خۆیان دەینووسن و دەیلێن. مەگەر ئەو دەمە کە هەڵوێستیان پێوەندی هەبێ بە مەسەلەی کوردەوە ، ئەو دەم ئیتر بێدەنگە لێکردن تاوانە .

تا کارەساتی هەڵەبجە ئەوە هەڵوێستم بوەسەبارەت بە ولاتانی بـــە ناو سوسیالیستی نەماو . پاش کارەساتی هەڵەبجە بێدەنگەیان لـــە ئاست ئەو جنایەتە سامناکە، لە هەڵوێست و بۆچوونی پێشووم بام-داوەتەوە و لە سەریانم نووسیوە و پێم وایە لە ئاست بیروباوەری سۆ-سیالیستی و ئینساندۆستی و ما فپەروەری خەیانەتیان کردوە .

بەمجورە لە سەر بنەمای واقعیەت و دیتن و پراتیك، لە بۆچوون و هەڵوێستی پێشووم سەبارەت بە ولاتانی بەناو سوسیالیستی بامداوەتەوە. بەلام ئەو بادانەوەیەم بەو مانایە نیە کە لە رەخنە گرتن و دژایەتـــی کردنیاندا ، لە گەڵ دەزگای تەبلیغاتی ولاتانی سەرمایەداری بکەومـــە یەك مەتەرێز و خەندەکێکەوە .

بەلام سەبارەت بە ولاتانی سەرمایەداری و دەوڵەتانـــــی

www.kerimhisami.com

بوونەوەی شێوەی پیادەکردنی دیموکراسی گورباچوف ـ ییلتسنە ٠
خلیسکانی ییلتسن دوور نیە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ناچار بکا لە راپۆرتی سالانەی خۆیدا لە سەر پێشێلکردنی مافی مرۆف لە سۆفێت وەدەنگبێ !
یان رێکخراوی لێخۆشبوونی گشتی (ئەمنێستی) و لیژنەکانی پاراستنی مافی مرۆف لە سەر راونان و ئازارو ئەشکنجەی کومونیستە کانی سۆفێت بە یان بڵاو بکەنەوە ٠ ئەوەنیە ئەوان (بەرگری لە مافی مرۆف) دەکەن ٠ !
ئەگەر ئەوانەش نەبوو، ناکرێ بە دووری بزانین کە (تواریش) ـ ییلتسن گەلاڵەیەك بدا بە کۆمەڵی نەتەوە یەککرتوەکان کە بزوتنەوەی دومونیستی بە تاوانی هەڵسورانی دژی ئینسانی و دژی ئایینی و دژی دیموکراسی و دژی نیشتمانی لە دنیادا مەحکوم بکرێ ٠ رەنگە ناهەقیش نەبێ، چونکە کابرا بۆ دیموکراسی تێدەکۆشێ و (لایەنگرانی دێموکراسی و پارێزەرانی مافی مرۆف) یش دەستخۆشانەی پێ دەڵێن و یارمەتیشی پێدەکەن !
ئاوایە بەرهەمی بادانەوە کاتێك بگاتە خلیسکان و سور خواردنی ١٨٠ دەرەجەیێ !!



www.kerimhisami.com

